




پاتریك ئایزنلۆر

وەرگێڕانی: کارزان کاوسێن


# بەمیدیاییکردنی ئایین و ئیسلامی سەر تەلەڤزیۆن

**ئەبستراکت**

ئەم بابەتە دەپرژێتە سەر جارێکی تر بیرکردنەوە لە ئایین و میدیاتیزەکردن لە ڕێگەی جیاوازیکردن لەنێوان دوو یەکتربڕی ئایین و میدیا، ئایینی گشتی و نێوانگیریی ئایینی. من پێم وایە هەر کاتێك گۆڕانکارییەکی ئایینی ڕوودەدات کە دەشێ بە شێوەیەکی بە کەڵك وەك میدیاتیزەکردن (بەمیدیاییکردن) ناودێر بکرێت، دەشێ وەك کاریگەرییەکی بەرەنجامی کارلێکی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە دەرك بکرێت. بە فراوانکردنی دیبەیت لەسەر دین و میدیاتیزەکردن لەودیو کۆنتێکستەکانی باکووری ئەتلانتیکی مەسیحی، من دوو نموونەی تەلەڤانجەلیزم (بڵاوکردنەوەی بانگەواز لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە) لە هیندستاندا بەراورد دەکەم بۆ ئەوەی شرۆڤەی هەمەڕەنگیی سیستەمەکانی دینی گشتی و نێوانگیریی دینی بکەم تەنانەت لەناو هەمان نەریتی دینی و زەمینەی هەرێمایەتیدا. شیکردنەوەکەی من هەڵسەنگاندنێکی میدیاتیزەکردن، وەك گریمانەیەکی دین لەژێر ئامرازێکی ناپەیوەندیداری میدیادا بە ڕادەیەکی بەرچاو ئاڵۆز دەکات، ئاماژە دەدات بە سروشتی تەواو نارێکی وەرچەرخانی دینیی پەیوەندیدار بە میدیا و ماڵیکردنی بەردەوامی پراوە میدیاییە هاوچەرخەکان لەناو پارادایمە دینییە بونیادگرتووەکاندا.

لەم ساڵانەی دواییدا، بایەخدانێکی زۆر هەبووە بە وەرچەرخانی ئایین لە فەزای پراوە میدیاییە نوێیەکاندا. لە هەوڵێکدا بۆ دەرککردنی شیکاری بەم وەرچەرخانانە، ژمارەیەك لە ئەکادیمی گوتوویانە ئێمە هەنوکە بینەری بە میدیاییبوونی ئایینین کە شێوە بە دامەزراوە و نەریت و پراوە دینییەکان دەداتەوە. بە میدیاییکردن وەك پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە شێوازی جیاجیا پەی پێبراوە. بە گوێرەی هەندێک لە لێکۆڵەران، میدیاتیزەکردن واتە فۆرمات و دامەزراوەکانی میدیای هاوچەرخ پەیتا پەیتا زیاتر شکڵ و شێوە بە لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێکدێنن. بە پێی ئەم تێگەیشتنەی میدیاتیزەکردن، سیاسەت و کۆمەڵگە بە گوێرەی لۆژیکی سترەکتۆری و دامەزراوەیی میدیا ڕێکدەخرێنەوە. لایەنگیری سەرەکیی تێزی میدیاتیزەکردنی دین (ستیگ هجارڤارد)، ئەمە بە گرتنەخۆی دامەزراوە و پراوە دینییەکان لەژێر «لۆژیکی میدیا»ی دامەزراوەیی فۆرمە نوێکانی میدیا لەقەڵەم دەدات. لەلایەکی ترەوە، لێکۆڵەرانی تر جەختیان لەوە کردۆتەوە کە میدیاتیزەکردنێکی وەها بریتییە لە مێتا پرۆسەیەك کە لە ڕێگەی خستنەڕووی گۆڕانکاری لە سترەکتۆرەکانی پەیوەندیکردندا کاریگەری دەخاتە سەر دین، لە کاتێکدا کە ئەوانیتر میدیاتیزەکردنی دینیان وەك بەرەنجامێکی کارلێکی دوو سەرە لەنێوان ڕووبەرەکانی میدیا و دیندا پیشانداوە. من لەم بابەتەدا، سۆراخی لەبەرچاوگرتنەوەی بە میدیاییکردنی دین دەکەم. من لە ڕێگەی جیاوازیکردن لەنێوان دوو ڕەهەندی یەکتربڕی میدیا و دین ئەمە ئەنجام دەدەم. ئەمانە بریتین لە دین لە فەزای گشتیدا و نێوانگیری دینی کە من بە هۆیانەوە لە پرۆسەکانی کارلێك لەنێوان بکەرانی مرۆیی و ئاسمان هاوشانی ئەو دامەزراوە و دەسەڵاتانە تێدەگەم کە

ڕاگیریان دەکەن. بەتایبەت ئەو ڕەهەندەی دواییان سەرنج بەرەو لێکجیانەبوونەوەی بنەڕەتییانەی دین و میدیا ڕادەکشێن، خاڵێك کە پێویستە بۆ مشتومڕێکی میدیاتیزەکردنی دین لەمڕۆدا لەیادمان بمێنێت. بۆ شرۆڤەکردنی هەر ئەرگومێنتێك، من بەراوردێك لەنێوان دوو نموونەی تەلەڤانجەلیزمی ئیسلامی دەکەم لە هیندستاندا. هەرچەندە نموونەکانی من هەردووکیان پەیوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە لە هەمان کۆنتێکستی هەرێمایەتیدا، ئەمانە نێوانە پەیوەندیی جیاواز لەنێوان ئەم دوو دیوە بنەڕەتییەی کرۆکی میدیا و دین پیشان دەدەن کە ئاست و ئاراستەی وەرچەرخانی دینی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. لەبریی جەختکردنەوە لە وەرچەرخانێکی گشتیگیری دین لە ڕێگەی میدیاتیزەکردنی ئەوەی دووەمیان، من وەهای دەبینم کە میدیاتیزەکردن بە شێوازگەلی جیاجیا لە سەرانسەری کۆنتێکستە دینییەکاندا خۆی دەنوێنێت. ئاخۆ قسەکردن لە بارەی میدیاتیزەکردنی دین بەکەڵکە یان نا، بەندە بە کارلێکەکانی نێوان دینی گشتی و نێوانگیریی دینی بە زەمینە دیاریکراوەکاندا. گرنگیی گەشەکردووی میدیای هاوچەرخ لە کۆنتێکستە دینییەکاندا پەیوەندی هەیە بە ئاستە جیاجیاکانی گۆڕانکاریی دینی. ئەمە لە هەندێ زەمینەی دینیدا پەیوەندیی هەیە بە وەرچەرخانە دینییە گرنگەکان، لەکاتێکدا کە سەر دەکێشێت بۆ ماڵیکردنی پراوە میدیاییە نوێکان لەناو کۆنتێکستە دینییەکان بە گۆڕانکارییەکی دینی کەمەوە لە کۆنتێکستەکانی تردا. تەرکیزی من لەسەر ئیسلام لە هیندستانی هاوچەرخدا بە هەمان شێوە هاوبەشییەکە لە فراوانکردنی دیبەیتدا لەسەر میدیاتیزەکردنی دین لەودیو کۆنتێکستەکانی ئەتلانتیکی باکوور و مەسیحی کە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لەم دیبەیتەدا هەبووە. ئەمە بەم شێوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ میدیاتیزەکردنی دین تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵگە پۆست مەسیحییەکانە، بە تایبەت لە ئەوروپای باکوور، یان پرۆسەیەکی کێشەی جیهانیی فراوانترە.

## بە میدیاییکردن لە بەرانبەر نێوانگیریدا

جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان تێگەیشتنە جیاجیاکانی میدیاتیزەکردندا دەکەوێتە ناو ئەو پرسیارەی ئاخۆ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە میدیاتیزەکردن دەهێنێتە کایەوە تەنیا لە مۆدێرنیتەی دواییدا بوونی هەیە یان لە سەردەمانی تریشدا بوونی هەبووە. کاتێك هەندێ نووسەری وەکو کرۆتز (2009) پێیان وایە میدیاتیزەکردن، لەوانەش میدیاتیزەکردنی دین بە درێژایی مێژوو ڕوویداوە، لوندبی (2009) جەخت لەوە دەکاتەوە کە میدیاتیزەکردن «ئاماژەیە بە گۆڕانکاریی کۆمەڵگەیی لە کۆمەڵگە مۆدێرنە هاوچەرخەکان و ڕۆڵی میدیا و پەیوەندیکردنی نێوانگیرکراو لەم وەرچەرخانانەدا». تەرکیز لەسەر هاوچەرخ بە هەمان شێوە تایبەتمەندییەکی تێگەیشتنی هجاڤاردە لە میدیاتیزەکردنی ئایین وەك دیاردەیەکی مۆدێرنی درەنگ لە کۆمەڵگە پۆست پرۆتێستانتەکانی باکووری ئەوروپادا. لەم تێڕوانینەدا، وابەستەیی زیادبووی ئایین بە میدیا سەریکێشاوە بۆ وەرچەرخانی قووڵی دەسەڵاتی دینی دوور لە

دامـەزراوە دینییـە سـێنتراڵەکان و بـەرەو بەتاکەکەسـی کردنـی دیارتـری مەیل و ئەزموونـە دینییەکان شانبەشانی لاوازبوونـی فۆرمـە بەدامەزراوەیـی بووەکانـی دیـن. ئەمـە هاوشـانە لەگـەڵ سـەرهەڵدانێکی ئـەو شـتەی هجاڤـارد پێـی دەڵێـت «ئایینـی بـاو» لەکاتێکـدا کـە بابـەت و سیمبۆلە دینییـەکان پەیتا پەیتا زیاتر لەگـەڵ کەلتـووری بـاو لـە میدیـادا تێکـەڵ دەبـن، کـە وەك سـەرچاوەی بنەڕەتـی زانیـاری لەبـارەی دینـەوە شـوێنی دامـەزراوە دینییـەکان دەگرنـەوە.

بـە دژوەسـتانەوە لەبەرانبـەر ئایدیـای «دیـن پەیتـا پەیتـا زیاتـر لەژێـر لۆژیکـی میدیادا شـوێن دەگرێـت»، لێکۆڵەرانـی تـر لـە بوارەکانـی توێژینـەوە دینییـەکان، ئەنترۆپۆلـۆژی و فەلسـەفەدا ئاماژەیـان بـە پەیوەندییـە ناوەکییەکانـی نێـوان دیـن و میدیا کـردووە کە هەمیشـە لـە بنچینـەی دامـەزراوە و پـراوە دینییەکانـدا بـوون. ئەم پەیوەندییانـە بەشـێوەیەکی تایبـەت لـە کارلێکـی نێـوان مرۆڤـەکان و پـاش ژیانـدا ئاشـکران کـە بەشـێوەیەکی پێویسـت بەکارهێنانـی میدیـا وەك وێنـەکان، لەوانـەش وێنـە بەرهـەم هێـنراوەکان، زمانـی قسـەکردن و چـاپ، کەرەسـتە پیـرۆزەکان، بەرهەمهێنانـەوەی دەنگـی و لـە جیهانـی هاوچەرخـدا ڕسـتێکی تـەواوی میدیـای بینراو-بیـسراوی دیجیتاڵـی پاڵپشـتکراو بـە ئینتەرنێـت دەگرێتـەوە. وەك دەیڤـد مـۆرگان (2011) وتوویەتـی، «ئەگـەر میدیاتیزەکـردن گۆڕانکارییەکـی میدیایـی دیـن بێـت، ئایـا نابێـت ئێمـە کـۆك بیـن لەسـەر ئـەوەی پێشـتریش چەنـد جارێك ڕوویـداوە؟» لـە هەر ئاسـتێکدا بێـت، ئـەم هێڵـەی توێژینـەوە ئاماژەی ئـەوە دەدات کە بەیەکداچوونـی دیـن و میدیـا مـەرج نییـە نیشـانەیەکی لاوازبـوون بەرەوپەیداکردنـی ئـەوەی یەکەمیـان بێـت. سـەرباری ئەمـەش، بـە پێچەوانـەی بیرۆکـەی هجارڤـارد لەمـەڕ شـوێنگرتنی تاکلایەنـەی دیـن لەژێـر لۆژیکـی میدیـادا، لایەنگیرانـی «ڕوانگـەی نێوانگیـری» تێبینـی ئـەوە دەکـەن کـە پەیوەندییـە ناوەکییەکانـی نێـوان دین و میدیـا دەشـێ بەهەمـان شـێوە وەك بناغەیـەك بـۆ کاریگەرییـە دوولایەنەییەکانـی نێـوان دیـن و میدیـا کار بـکات. بەهەمـان شـێوە، بـە پێچەوانـەی تیۆردانەرەکانی میدیاتیزەکردنـی «لۆژیکـی میدیـا»، ئـەوان جەختیـان لـەوە کردۆتـەوە کـە چـۆن تیۆلـۆژی و نەریتـە دینییەکان ئایدیاکانـی بەکارهێنەرانـی میدیایـان لەمـەڕ ئـەوەی میدیـا چییـە و چـی بەرجەسـتە دەکـەن پێکهێنـاوە. ئـەم ڕوانگەیـە بـە گوێـرەی کـۆدری (2008) نـەك تەنیـا خاڵـی هاوبەشـی لەگـەڵ پارادایمـی «نێوانگیـری»دا زۆرە و پەیوەندییەکـی دیالێکتیـك لەنێـوان میدیـای بەدامەزراوەییبوو و فەزاکانـی تـری ژیانـی کۆمەڵایەتیدا دەخەنـەڕوو، بەڵکـو تەنانـەت بیرۆکـەی «ماڵیکـردن»ی میدیـا لەنێـو زەمینـە کەلتـووری و کۆمەڵایەتییـە پێشتر دروسـتبووەکاندا دەهێنێتـە یـاد. ئەگـەر بـۆ لێکۆڵەرانـی دینـی، جیانەبوونـەوەی دیـن لـە میدیـا بـەم دواییە وەك بابەتێکـی سـەرەکی سـەریهەڵدابێت، جەختیـان لـەوە کردبێتـەوە کـە چـۆن لـە ڕوانگەیەکـی فینۆمینۆلۆژییـەوە میدیـا توانـا بـە ئەزمـوون و هەسـت دینییـەکان دەدات، ئەمـە بەهەمـان شـێوە بووەتەهـۆی سـەرنجێکی زۆر لەسـەر ئـەوەی چـۆن گۆڕانکارییـەکان لـە مەتریاڵیتـی میدیایەکـی وەهـادا بەهەمـان شـێوە گوزارشـتە لـە وەرچەرخانـە دینییـەکان.

## ئایین لە فەزای گشتی و نێوانگیریی ئایینی

ئایین وەك بەشێکی دانەبڕاوی فەزا گشتییە هاوچەرخەکان و پراوە و ئەزموونە دینییە هاوچەرخەکان بەشێوەیەکی قووڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی نێوانگیرکراوی گوتار و وێنە دینییەکان پێکهاتووە. ئەو تێبینییەی کە دەڵێت براڤە دینییە هاوچەرخەکان ئەو مۆدانەی مۆبیلیزەکردن و کارلێك بەکار دێنن کە تایبەتمەندیی فەزا گشتییە مۆدێرنەکانن، تێڕامانی بەنرخی بۆ داینامیکی دینی ئەمڕۆکە لێ کەوتۆتەوە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فەزا گشتییەکان، وەك کۆمەڵایەتیبوونی غەریبە لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ڕۆتینی گوتار و وێنەکان لەودیو هێڵی ڕووبەڕوو و هاوکاتبوونی گوتاری کەسی و ناکەسی لە گوتاری گشتیدا، گرنگیی سەرەکی تێگەیشتنن لە دین لەمڕۆدا. توێژینەوە لەبارەی دین لە فەزای گشتیدا بەهەمان شێوە بووەتەهۆی ڕەخنەگرتن لە بیرۆکە پاڵێوراوەکانی دین لە ڕێگەی پیشاندانی ئەمەی کە چۆن دین لەگەڵ ڕیکلام و سەرگەرمیدا تێکەڵ دەبێت بە ڕۆشنایی خستنە سەر گرنگیی هەست و هۆگرییە ڕۆحییەکان بۆ پراوە و شوناسە دینییەکان. توێژینەوە لەسەر بازاڕە دینییەکان بەهەمان شێوە پیشانیداوە کە چۆن بڵاوکردنەوەی گشتیی گوتار و وێنە دینییەکان لە کۆنتێکستەکانی کێبڕکێی توند دا دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئیشکردنی بازاڕە کەپیتالیستییەکاندا بەردەوامە، لەکاتێکدا کە دیوی پەیوەندیداری ئەم یەکتربڕە لەنێوان لۆژیکی بازاڕی کەپیتالیستی و چالاکگەرایی ئایینی هاوچەرخدا بریتییە لە هەوڵێك بۆ «بە براند کردنی دین».

توێژینەوە لەبارەی دین و فەزای گشتی لێرەوە ڕۆشنایی خستۆتە سەر سێنتراڵیتی پراوە میدیاییە هاوچەرخەکان بۆ تێگەیشتن لە دین لە جیهانی هاوچەرخدا. لەهەمان کاتدا، سۆراخکردنێکی رووڵەگەشەی پایەدار هەبووە بۆ ئەو شتەی هەندێ کەس پێیان وتووە پەیوەندییە ناوەکییەکان لە نێوان ئایین و میدیادا. ئەو لێکۆڵەرانەی کە کەوتوونەتە ژێر ئیلهامی ئەو شتەی هەندێك پێی دەڵێن «ئاراستەگۆڕینی میدیا» لە توێژینەوەی ئایینیدا، بە مانایەکی بەرتەسکتر تاووتوێی نێوانگیری دینی دەکەن، وەك پرۆسەیەکی کارلێك لەنێوان بکەرانی

**(زاکیر نایك) یەکێکە لە دیارترین ڕووخسارەکانی تەلەڤانجەلیزمی ئایینیی ئیسلامی لە جیهاندا و لە لایەن دەوڵەتانی وەك ئیمارات و سعودیەوە پشتیوانی دەکرێت**

مرۆیــی و پــاش ژیانــی دینــی. ئەمــەش هەرچۆنێــك درك بكرێــت، بەشــێوەیەكی بــێ قەیــد و مــەرج میدیــا لەگــەڵ دیــوە تەكنۆلــۆژی و دینییەكەیــدا تێكــەڵ دەكات. ئاییــن لێــرەدا وەك پرۆســەیەكی جێبەجێــكاری ئاڵوگــۆڕی پەیوەنــدی درك دەكرێــت كــە خەڵكــی دەبەســتێتەوە بــە پانتاییــە ڕۆحــی یــان ئاســمانییەكان، پرۆســەیەك كــە زۆرجــار پانتاییەكــی فراوانــی هەســتەكان دەگرێتــەوە. لێــرەوە «فۆرمــە هەســتییەكان» وەك فۆرمێكــی كارلێكــی ئاســانكراو ڕۆڵێكــی پێشــەنگ دەبینــن لــە ئاییندا. یەكێــك لــە بەرەنجامــەكان بریتــی بــووە لــە هۆشــیاریی چڕبــووەوەی ڕەهەنــدە مەترياڵییەكانــی میدیــا كــە توانا بــەم ئاڵوگــۆڕ و كارلێكــە دەدەن. پرســێكی جــێ ســەرنج لــەم ئاقــارەی توێژینــەوەدا بریتییــە لــە پێكداچوونــی نێــوان دیــوە مەترياڵــی و تەكنۆلۆژییەكانــی میدیــای دیاریكــراو و بەچەمكبوونــی دینــی كارلێكەكانــی نێــوان نەریتــە دینییــە دیاریكــراوەكان هەنــدێ پــراوەی میدیــا. لەكاتێكــدا كــە توێژینــەوە لەبــارەی دیــن و فــەزای گشــتی و نێوانگیریــی دینــی بــەو مانایــەی لەســەرەوە گەڵاڵــەم كــردووە بــە ڕیتمێكــی خێــرا فــراوان بــووە، كارێكــی زۆر دەمێنێتــەوە بــۆ ئــەوەی نێوانە پەیوەندییەكانــی هــەردوو ڕەهەندەكــە لەبەرچــاو بگرێــت، چونكــە بەشــی هــەرە زۆری توێژینــەوە تاكــو ئەمــڕۆ موخاتەبــەی تەنیا یەكێــك لــەم دوو مــۆدە ســەرەكییەی كــردووە كــە تیایــدا دیــن و میدیــا لــە جیهانــی هاوچەرخــدا بەیەكداچــوون. لەكاتێكــدا كــە كار لەســەر ئاییــن و فــەزای گشــتی تاووتوێــی كارلێــك دەكات لەنێــوان بكەرانــی مرۆیــی لە ڕێگــەی بڵاوكردنەوەی گوتــار و وێنــە دینییــەكان، شــیكردنەوەكانی نێوانگیــری

دینــی تەركیــز دەخەنــە ســەر كارلێكەكانــی نێــوان مــرۆڤ و ئاســمان یــان بكــەرە ڕۆحییــەكان تــا ڕادەیەكــی زۆر دەكەونــە نــاو پانتایــی پــەی پێنەبــراو. لەگــەڵ ئەوەشــدا، ئــەم دوو جــۆرە كارلێكــە بەیەكــەوە گرێبەنــدن. لــەم بابەتــەدا، مــن ســۆراخی هاوپەیوەندییــان دەكــەم، بــەو ئامانجــەی بگەمــە بونیادنانەوەیەكــی میدیاتیزەكردنــی ئاییــن. هــەردوو ئــەم ڕەهەندانــە هەســتیارن بەرانبــەر پەیوەندیــی نێــوان میدیــا و فۆرمەكانــی تــری گۆڕانكاریــی كۆمەڵایەتــی، ئایینــی گشــتی بەتایبــەت جەخــت دەكاتــەوە لــە كارلێكەكانــی ئاییــن لەگــەڵ ڕووبەرەكانــی تــردا لــە ڕێگــەی مۆداڵیتییــە گۆڕاوەكانــی بڵاوكردنــەوەی گوتــار و وێنــەكان كــە فــەزای گشــتی پێكدێنــن.
بــە پشــت بەســتن بــەو ڕوانگانــە كــە جەخــت لــە هاوپەیوەندیــی میدیــا و ئاییــن دەكەنــەوە، مــن چــاو دەخشــێنمەوە بــە میدیاتیزەكردنــی ئاییــن لــە جیهانــی هاوچەرخــدا. مــن وای بــۆ دەچــم كــە میدیاتیزەكردنــی ئاییــن دەشــێ بەباشــترین شــێوە وەك كاریگەرییــەك كــە لــە كارلێكــی نێــوان ڕەهەندەكانــی فــەزای گشــتیی ئاییــن و پرۆســەكانی میدیاتیزەكردنــی دینــی ســەرچاوە دەگــرن بــە چەمــك بكرێــن. فــەزای نێوانگیریــی دینــی بەهــۆی گیرۆدەبــوون بــە پارادایمــە دینییە بونیادگرتــووە كۆنەكانی كارلێــك لەگــەڵ پــاش ژیانێكــی ڕۆحــی، هەنــدێ جــار ناچالاكــی و بەرەنگارییەكــی زۆرتــر بەرانبــەر گۆڕانــكاری لــە ژینگــە میدیاییــە وەرچەرخاوەكانــدا پیشــان دەدات و لــە ڕاســتیدا زۆرجــار بەردەوامــی بــە هێزێــك دەدات بــۆ ماڵیكردنــی تەكنۆلۆژیــا و پــراوە میدیایــی لەنــاو پارادایمــە شــوێنگرتووەكانی كارلێــك لەنێــوان مرۆڤــەكان و ئاســماندا كــە نەریتــە دینییەكــەی گرتــووە. ئــەوەی

دووەمیان دەکرێ بۆ زۆر بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوەی دەنگ لە ژینگە ئیسلامییەکاندا پیشان بدرێت کە کارتێکراوە بە پارادایمی قورئانی، کە بە گوێرەی ئەمە وتنەوە و خوێندنەوەی لێزانانە، بانگەوازی خودا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندەکانی فەزای گشتیی ئایین تەنیا لە سەرەتاکانی مۆدێرنیتەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەهەندەکانی فەزا گشتییەکان لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور و بڵاوبوونەوەی یەك لەدوای یەك لە سەرانسەری جیهاندا لە کۆنتێکستی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمدا سەریانهەڵدا. ئایینی گشتی زۆرجار وەرگرە بۆ پرۆسەکانی گۆڕانکارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دەشێ لەژێر ناونیشانی میدیاتیزەبووندا دەرك بکرێت. بڵاوبوونەوەی گشتیی وێنەکان و گوتاری دینی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری فەزای گشتیدا کارلێك دەکات وەك ڕیکلام، سەرگەرمی، بەرخۆری و ڕاوێژی سیاسی. بۆیە، فەزای گشتی ئاراستەیەکی ئەگەرییە کە بەیەکداچوونەکان، ژانرەکان، پراوەکان و فۆرمە دامەزراوەییەکان لە بواری میدیادا میدیادا دەچنە ناو بەکارهێنانە دینییەکانی میدیا کە ئەوان لەوانەیە بەهەمان شێوە ڕێساکانی نێوانگیری دینی بگۆڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوونە کە پارادایمە کۆنە بەهێزەکانی نێوانگیری دینی، وەك (دارشان)، کارلێکی بێنایی چڕوپڕ لەنێوان خواپەرست و خواوەند لە هیندۆیزمدا کە دەشێ بەهەمان شێوە هەستی مەعنەوی بگرێتەخۆ بەهەمان شێوە کاریگەری بخاتە سەر میدیا لە فەزای گشتی فراوانتردا، بۆ نموونە تەکنیکە بینراییەکانی (دارشان) لە فیلمە هیندییە باوەکان و ئەڵقە تەلەڤزیۆنییەکاندا.

نموونەیەکی تری پەیوەندیدار بریتییە لە بڵاوبوونەوەی ستایڵی بینایی لە فەزای گشتیی گاناییدا. ئاخۆ ئەم بەیەکداچوون و کاریگەرییانە سەر دەکێشن بۆ جۆرێك گۆڕانکاریی گرنگ کە دەشێ بەشێوەیەکی بەکەڵك وەك میدیاتیزەیشن وەسف بکرێن بەندە بە کارلێکی نێوان فۆرمە بونیادگرتووەکانی نێوانگیری دینی و ڕەهەندەکانی فەزای گشتیی ئایین. جیاکاری لەنێوان یەکتربڕەکانی میدیا و ئایین ڕێگەخۆشکەرە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونییانەی پرسی میدیاتیزەکردنی ئایین وەك بەرەنجامی کارلێك لەنێوان ئایینی گشتی نێوانگیریی دینی.

لێرەوە، من بەراوردی نێوان دوو نموونەی تەلەڤانجەڵیزمی ئیسلامی دەکەم لە هیندستان، پرۆگرامەکانی وتاربێژی سەلەفی زاکیر نایکی دامەزراوەی توێژینەوەی ئیسلامی لە مومبای و کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکەی (ئاشتی) و پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی شیعی دوانزە ئیمامی لە مومبای کە پەیوەندی هەیە بە ئایەتوڵڵا سیستانی لە نەجەف، عیراق. هەردووکی ئەم تۆڕانە ژانری میدیایی هاوشێوە و نوێ دەکار دەکەن و لە پروپاگەندەی ئیسلامییاندا پشت بە پراوەی میدیایی نوێ دەبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنگیرییە تایەفییەکانیان و ژینگە دامەزراوەییەکانیان سترەکتۆرەکانیان زۆر جیاوازە. لەم بابەتەدا، من بەراوردی کارلێکی ئایینی گشتی و نێوانگیریی دینی دەکەم لەم دووانەدا، بەڵام بەهەمان شێوە جیاوازیی سیناریۆکان دەکەم بۆئەوەی قوڵبینی لەبارەی پرۆسەکانی میدیاتیزەکردنی ئیسلام لە کۆنتێکستە هیندییە پۆست لیبرالیزەکردنەیدا بەدەست بێنم. بەراوردکردنی میدیاتیزەکردنی دین لەم ژینگە

هیندییە تا ڕادەیەك جیاوازەدا هاوبەشیکردنێکە لە تێگەیشتنی باشتری پرۆسەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە پراوەکانی ناساندنی میدیای نوێ لە بواری دیندا.

## میدیای هاوچەرخ و ئیسلام

ئەدەبیاتێکی گەشەکردوو هەیە کە وەرچەرخانەکان لە جیهانی ئیسلام لە کۆنتێکستی پراوە نوێکانی میدیادا شی دەکاتەوە. کارکردن لەسەر ئیسلام و فەزای گشتی جەختی لە ڕۆڵی بەناو «میدیای بچوك» کردۆتەوە، بۆ نموونە کاسێتی بیستن و بینین و ڤیدیۆ سی دی و ئینتەرنێت لە بچوککردنەوەی بالادەستیی یاریکەرانی وەکو دامەزراوەکانی دەوڵەت کە سۆراخی ڕێکخستنی دین دەکەن هەروەها عولەماش. بەپێی هەندێ لە لێکۆڵەران، بە پێچەوانەی میدیای پەخشی نەریتی کە ئۆپەراسیۆنەکەی پێویستی بە تەمویلی زۆر هەیە و دەکرێ بە ئاسانتر کۆنترۆڵ بکرێت، پراوە نوێکانی میدیا بوونەتەهۆی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە زۆر بەشی جیهاندا و دەرفەتی زۆرتری بۆ تێڕوانینی نەیارانە ڕەخساندووە تا گوزارشت لە خۆیان بکەن و هاوکار بووە لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئیسلامی. بابەتێکی زاڵ لەم نووسینانەدا بریتیە لە وەرچەرخانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە کۆنتێکستی پراوە نوێکانی میدیادا. لەهەمان کاتدا، لێکۆڵەران تاووتوێی سەرهەڵدانی «دژە خەڵکە» ئیسلامییەکانیان کردووە کە لە پەیوەندیی جیاوازی و ناکۆکیدایە لەگەڵ خەڵکە نیشتمانییەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، لێکۆڵەران بەهەمان شێوە خەمی یەکخستنی تەکنۆلۆژیای میدیای نوێیان بووە لەناو پراوە دینییە بونیادگرتووەکان لە کارلێکی نێوان موسڵمانان و ئاسماندا. بەکارهێنانەکانی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوەی دەنگی لەم ئەدەبیاتەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەبووە، بۆ نموونە لە پەیوەند بە بانگدان و بڵاوکردنەوەی گوتاری پراوەکانی دڵسۆزی لە پەرستشی پەیامبەر و قەدیسە سوفییەکان. تەرکیز خستنە سەر دەنگ و وتنەوە کە لە پارادایمی قورئاندا ڕەگی داکوتاوە و تیایدا خودا خۆی دەردەخات بایەخدانێکی پێشبینیکراوی لە بەکارهێنانەکانی تەکنۆلۆژیاکانی بەرهەمهێنانەوەی دەنگدا وەك ئامرازێکی هاندانی کارلێك لەگەڵ ئاسماندا لێکەوتۆتەوە. بەڵام سەرباری سێنتراڵیتی دەنگی وتنەوە لە نەریتە ئیسلامییەکاندا، بەهەمان شێوە کەلتووری بینایی ئیسلامی دەوڵەمەند هەن کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ دوایین میدیای بیسراو-بینراودا یەکخراون.

بە لێکدانی ڕەهەندە ئەدائی بینایی و دەنگ، تەلەڤانجەلیزم ژانرێکی میدیایە کە بەتامەزرۆییەوە لە کۆنتێکستە ئیسلامییەکاندا پەیڕەو کراوە. لەم ڕووەوە یەکێك لە پێشڕەوەکان وتاربێژی بە ڕەچەڵەك هیندیی ئەفریقای باشوور، ئەحمەد دیدات (1918-2005) کە کاسێتە ڤیدیۆییەکانی بەشێوەیەکی فراوان لە سەرانسەری ئەفریقادا بڵاو بوونەتەوە. بە پەیڕەویکردن لە ئیسلامی سەلەفیگەرای کارتێکراو بە سعودیە، دیدات بەهەمان شێوە زۆر بەئاگا بوو لە بنچینە پرۆتێستانتەکانی ژانری میدیای ئەمریکای باکوور کە ئەو بەشێوەیەکی لێزانانە دەکاری کردووە

بۆ دروستکردنی بارودۆخی ململانێ ئامێزی دیالۆگ لەگەڵ مەسیحییەتدا. زمان پاراوییەکەی لە ئینگلیزیدا و پیشاندانی مەعریفەی ڕۆحی نەك تەنیا لە نەریتە ئیسلامییەکاندا بەڵکو لە ئینجیلیشدا کە بۆ تۆمارکردنی خاڵ لەدژی مەسیحییەت بەکاریهێناوە، بەشێوەیەکی کاریگەر لەنێو جەماوەر ئەفریقییە زۆرەکەیدا دەنگدانەوەی هەبووە. لەم ڕووەوە دیدات فۆرماتێکی میدیای ئیسلامیی نوێی دروستکرد کە ڕەهەندە باوەڕهێنییەکانی مەعریفەی دەقی پیرۆز و مشتومڕ، ئەدای بینایی دەسەڵات، هەروەها پشت بەستن بە ژانرێکی میدیایی «خۆرئاوایی» کە خۆی بەهاگەلی مۆدێرنیتی بۆ زۆرێ لە بینەرانی پیشانداوە، لێکداوە. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی تری پرۆژەی میدیای دیدات بریتی بوو لە پێگەکەی وەکو «ڕاڤەکاری نوێ»ی خۆ فێرکردوو و خۆ دامەزراندووی ئیسلام کە وەکو «عالِم» بە ڕاهێنانی نەریتیدا تێپەڕ نەببوو. لێرەوە، ئەو ڕێڕەوێکی دانا کە زۆرێکی تری وەکو تەلەڤانجەلیستی میسری دانیشتوو لە قەتەر، یوسف قەرەزاوی لەسەری ڕۆیشتن (کە لە ڕاستیدا توێژەرێکی ڕاهێنراوی نەریتییە)، عەمر خالد لە میسر، یان بەم دواییانەش عامیر لیاقوات لە پاکستان، هەروەها زاکیر نایك لە هیندستان کە پرۆگرامەکانی یەکێکن لەو نموونانەی من لەم بابەتەدا شرۆڤەم کردوون و کە لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات لەلایەن خودی ئەحمەد دیداتەوە وەك «دیدات پلەس» ناودێر کراوە. تەلەڤانجەلیزم تەنیا تەکنیکێکی نوێی پروپاگەندە بۆکردنی ئیسلام نییە. ئەمە بەهەمان شێوە بەشێکە لە ئاراستەی فراوانتر لە جیهانی موسڵماندا بۆ دروستکردنی ئەو فۆرمانەی ئیسلام کە جەخت لە خۆبەڕێوەبردن، خۆیارمەتیدان و بەرپرسیاریێتی تاکەکەسی دەکەنەوە و لێرەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بزنس ئاسان و زۆرجار کۆکن گوتار و ڕژێمەکانی نیولیبرالیزم.

## ئیسلام لە کۆنتێکستی هیندیدا

لە هیندستان، ئیسلامی ئەمڕۆکە بە ڕادەیەکی بەرچاو بەرهەمی ئەو بزاڤە ڕیفۆرمیستانەیە کە لە هیندستانی کۆلۆنیاڵی سەدەی نۆزدەدا سەریانهەڵدا، بەتایبەت قوتابخانەکانی (بێریلی)، (دیۆباند) و (ئەهل ئەلحەدیس). پاش نەمانی پاڵپشتی دادگای نەریتی لەژێر حوکمی کۆلۆنیاڵی بریتانی و پاش شکستهێنانی یاخیگەری لە 1857دا، دەزگای دینی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە سۆراخی پانتایی نوێی چالاکی و بەردەوامی کرد. ئەوان فۆرمی نوێی پەروەردەی دینییان جێبەجێکرد کە کارتێکراو بوو بە مۆدێلە خۆرئاواییەکانی فێر کردن و پەیتا پەیتا خۆیان وەك سەرکردەی خەڵکی موسڵمانی مۆدێرن بونیاد نا کە تەکنۆلۆژیاکان، مۆدەکانی بڵاو کردنەوە، سەفەر و دیبەیتیان بەتەواوی بەکارهێنا کە پەیدابوونی فەزای گشتی مۆدێرن دەستەبەری کردبوو. لەهەمان کاتدا، نەریتە ئیسلامییەکانیش بەهەمان شێوە ڕۆڵێکیان بینی لە پرۆسەی دووانەی ستانداریزەکردن و کۆمیونالیزەکردنی دین کە خۆی لە فراوانکردنی فەزای گشتیی کۆلۆنیاڵدا دەبینییەوە. جەختکردنەوەیەکی نوێ لە بەرپرسیاریێتی ئەخلاقیی تاکەکەسی هاوشان بوو لەگەڵ ئەم مۆبیلیزاسیۆنە

دینییە مۆدێرنانە کە بەشێك بوون لە ڕێکخستنەوەی فراوانی شوناسە دینییەکان و بەهەمان شێوە سەری دەکێشا بۆ ناسیۆنالیزەکردنی ئایینەکان لەژێر کاریگەریی بزاڤە ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییە بۆرجواکانی چینی ناوەند. هەوڵەکانی بزاڤی ڕیفۆرمی ئیسلامی بۆ ستانداردیزەکردن و پاککردنەوەی نەریتە دینییەکان لە سەروەختێکدا کە ڕێکخستنی دینی، ژیانی ڕێکخراوەیی و سترەکتۆرەکانی دەسەڵاتی دینی بە وەرچەرخانی گەورەدا ڕەت دەبوون بەهەمان شێوە سەریکێشا بۆ تایەفەگەری زیادبووی نێو موسڵمانان. پاش کەرتبوون و سەربەخۆیی لە 1947دا، هێزەکانی کۆمیونالیزمی دینی بەردەوام بوون لە هەبوونی کاریگەرییەکی توند لەسەر موسڵمانان لە هیندستانی پۆست کۆلۆنیالدا کە پاش ڕۆیشتنی بەشی زۆری نوخبەکەیان بۆ پاکستان ئێستا خۆیان لە پێگەیەکی هەژارتر و پەراوێزخراوتردا بینیووەتەوە. ئەوان بەهەمان شێوە قوربانییانی گەڕی چەندبارەی توندوتیژی بوون لەلایەن ناسیۆنالیستە هیندۆسەکانەوە. لەهەمان کاتدا، هەڵکشانی ئابووریی ئەم دواییەی هیند و بەم ئاقارەدا دەرکەوتنی چینی ناوەندی نوێ، پەراوێزخستن و ئاوارتەکردنی موسڵمانیان تەنانەت کردۆتە شتێکی ئاشکراتر لە هیندستانی ئەمڕۆدا، چونکە ئەم بەرەوپێشچوونانە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمینەی موسڵمانیان پشتگوێ خستووە. تایەفەگەری و کۆمیونالیزمی دینی، ناجێگیری هاوڵاتیبوونیان و زۆرجار بێبەریکردنی توندی سۆسیۆ ئابووری بریتین لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی موسڵمان لە هیندستانی هاوچەرخدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی زۆرێك لە دەرفەتەکانی بەرخۆری و لایف ستایڵی پەیوەست بە چینی ناوەند تەنیا بۆ کەمینەیەکی ناو موسڵمانان هەن، جیهانەکانی میدیایان بەهەمان شێوە بەهۆی وەرچەرخانە ڕیشەییەکانی میدیا لە 1991ەوە شێوەی پێدراوەتەوە. ئەو ساڵە، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مۆنۆپۆلی دەوڵەتیی پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە خزمەتی نیشتمانسازی و گەشەکردن بۆ میدیایەکی لیبراڵزەبوو کە زۆربوونی پەڕگیرانە و کێبڕکێ لەنێوان کەناڵە میدیاییەکانی کەرتی تایبەت لە نیشانەکانی بوون، لەسەروو هەمووشەوە بە زمانە هیندییەکان. دوور لەوەی نەریتە بنایییە هیندییە کۆنەکان شوێنگۆڕ بکات، فۆرمە نوێکانی پرۆگرامکردنی گەنجان وەك (ئێم تی ڤی)، چەند مۆدێکی ئەدای میدیای پەیوەند بە لیبراڵیزەکردنی ئابووریی هیندیی ئەم دواییەی لەگەڵ ستایڵە کۆنەکانی جەختکردنەوە لە سۆزێتی، خێزان و هاوڕێیەتیدا یەکخست. لەهەمان کاتدا، لە 1980کانەوە، فۆرمە نوێکانی پرۆگرامکردن و چالاکیگەرایی دینی بونیادنراو لەسەر دین بەهەمان شێوە پەیدا بوون. تایبەتمەندییەکی جێ سەرنج بریتی بووە لە پەیڕەوکردنی دینییانەی ژانرە میدیاییەکانی پەیوەندیدار بە چینی ناوەندی نوێ بۆ مەبەستە دینییەکان، وەك بەرنامە نوێکان وتوێژ و تەلەفۆنکردن. لێرەدا، من جۆرەهای جیاوازی ژانرێکی میدیایی نوێی دیاریکراو، پرۆگرامینی تەلەڤانجەلیستی ئیسلامی لەنێوان موسڵماناندا لە هیندستان، بەراورد دەکەم.

## زاکیر نایك و تەلەڤزیۆنی (ئاشتی)

زاکیر نایك هەنوکە ناسراوترین تەلەڤانجەلیستی ئیسلامی هیندییە و لە ڕێگەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە نەتەوەبڕەکەیەوە، بەهەمان شێوە ناسراوترین کەسایەتیی میدیای ئیسلامییە لە سەرانسەری جیهاندا. کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییەکەی بەناوی ئاشتی (پیس تی ڤی) لە ئۆکتۆبەری 2006دا دەستی بە پەخش کرد و لە دوبەیەوە بۆ جیهان پەخش دەکرێت. ئەم تەلەڤزیۆنە کە پرۆگرامینەکەی بە زمانەکانی ئینگلیزی و هیندی/ئوردووە، بەشێوەیەکی سەرەکی موخاتەبەی جەماوەری موسڵمانی سەلەفی-سوننی دەکات کە بانگەشەی ئەوە دەکەن شوێن ئایدیا و پراوەکانی پشتیوانان و پێشینانی چاکەکار دەکەون و بە بەکارهێنانی ئیجتیهاد دەگەڕێنەوە بۆ قورئان و سووننەت. تەماشاکارانی کەناڵەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هیندستان، پاکستان، بەنگلادش و بەهەمان شێوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقای باشوور، و بریتانیاوەن. حکومەتی بریتانی لە 2012دا کەناڵەکەی قەدەغەکرد، بەڵام لە چەند شارێکدا لە ڕێگەی ئیشپێکەرانی تەلەڤزیۆنی کێبڵی نیمچە ڕەسمی و هەڵبەت لە ڕێگەی ئینتەرنێت و وێبسایت و یوتیوبەکەی خۆی هێشتا بەردەوامە.

بە دەربڕینی خۆی بە زمانی ئینگلیزی و نمایشکردنی پەروەردە مۆدێرنە سێکیولارەکەی وەك دکتۆری پزیشکی، نایك پراوە و تێکستە دینییەکان لێکدەداتەوە و تەحەدای گوتاری نێگەتیڤی بڵاوکراوە لەسەر ئاستی جیهان لەدژی ئیسلام دەکات، بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆنی ئاشتی، پرۆگرامەکانی (حەقیقەتی دەرخراو)، (بوێرە پرسیار بکە) و (تەقە لە چەند لاوە). تایبەتمەندییەکی سەرەکی ستایلی ئەو بریتییە لە تامەزرۆییەکەی بۆ بەراوردکردنی دینەکان، بە شێوازێك کە بیرهێنەرەوەی ئەحمەد دیداتە، لەوانەش وتنەوەی زارەکییانەی تێکست لە مەسیحیەت و هیندۆیزم و مەیلی بۆ دیبەیتی گشتی لەگەڵ ڕێبەرانی دینی هیندۆس و مەسیحی. نیشانەیەکی تری ئەدائی ئەو بریتییە لە ئاماژەکردنی ناوبەناوی بە زانستی مۆدێرن و پەیوەندیداربوونی بە ئیسلامەوە. لە محازەرەکانی و پرۆگرامەکانی پرسیار و وەڵامدا، نایك جەخت دەکاتەوە لە وێکچوویی تیۆلۆژییەکان و یەکتاپەرستیی دیار لە ئیسلام، هیندۆیزم و مەسیحییەتدا. ئەو بە ئاماژەکردن بە کتێبینی ئینجیل، ڤێداس و ئوپانیشادس، پشتیوانی لە ئەرگومێنتەکانی دەکات. زاکیر نایك پشت بە بەلاغەتێکی ئەقڵ و لۆژیك دەبەستێت بۆ بەرەودان بە کارەکتەری گەردوونیی ئیسلام.

ئامادەیی تەلەڤانجەلیستانەی نایك پشت ئەستوورە بە ڕێسای بونیادگرتوو لەسەر نێوانگیریی دینی بە مانا بەرتەسکەکەی کە لەمە مەبەستم کارلێکەکانی نێوان موسڵمانان و ئاسمانە. ئەمانە بە ڕادەیەکی زۆر ئاماژەی چەندبارەن بە سەرچاوەکانی تێکستی پیرۆز، وتنەوەی ئایەتە قورئانییەکان. سەرباری ئەمەش، پێشکەشکاریی تەلەڤزیۆنیی نایك بەهەمان شێوە مشتومڕی حەدیس، ڕیکۆردی کاریگەری قسە و کردارەکانی پێغەمبەر کە بەشێوەیەکی ئایدیاڵ لە هاوەڵانیدا بەدی کراوە یان ئەوانەیتر کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شایەتی قسە و کردارەکانی

پێغەمبەر بوون. بەشێکی پرۆسەی نێوانگیریی دینی پەیوەست بە حەدیس بریتییە لە ئیسناد کە دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی پێغەمبەر و بە کارەکتەری مۆراڵ، تەقوا و متمانەی ئەوانەی کە حەدیسیان ڕادەست کردووە. بە دەربڕینێکی تر، دەنگی وتنەوە و لێزانینی لێکدانەوەی دەقی پیرۆز و حەدیس شتی سێنترالن بۆ ئەدای تەلەڤزیۆنیی وەك کردارێکی نێوانگیریی دینی. ئەمەی زۆربەی نمایشە بیناییەکانی خواپەرستین، هەروەك ڕیشی زاکیر نایك و سەرکڵاوە سپییەکەی (تەقییە) و کۆی ڕەفتار و شێوازە جەستەییە کاریگەر و بەڕێزەکەی.

لەهەمان کاتدا، سەرکەوتن و باوبوونی ئەدای نایك بەهۆی نزیکییەوەیە لە بیرۆکە و فۆرمەکانی دەربڕین کە تایبەتە بە فەزا گشتییە فراوانترەکان، کە ڕووبەری فۆرمە بونیادگرتووەکانی نێوانگیریی دینی دەبڕن. سەرەتا، ئەو فۆرماتی بەرنامەی پرسیار-وەڵامی بۆ زۆربەی ئەدا تەلەڤزیۆنییەکانی پەیڕەو کردووە بۆ مەبەستی پروپاگەندەی ئیسیمی و کۆبوونەوە نمایشە تەلەڤانجەلیستییەکانی لە هۆڵە گەورەکانی کۆنڤانسیۆن و کۆنسێرتدا ساز دەدات کە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕووبەری دینی نین و بە ڕادەیەکی زۆر بۆ جۆرەها نمایش، محازەرات و نمایشی سەر ستەیج بەکار دێن. لە محازەرەکان و پرۆگرامەکانیدا، نایك زوو ئاماژە دەدات بە کەلتووری جەماوەریی فراوان، ململانێ و ڕووداوە سیاسییە جیهانییەکان، هەروەها ئەو پرس و بیرۆکە کۆمەڵایەتییە فراوانانەی دەچنە ناو کەلتووری بینایی و مشتومڕی گشتییەوە. دیالۆگی نزیك لەگەڵ خەمە بەربڵاوەکانی خەڵك لەسەرانسەری هێڵە ئەتنی و دینییەکان بەهەمان شێوە لە ئیستاتیکای شێواز و پۆشاکیدا دیارە. سەرباری سەرکڵاوەکەی و ڕیشی کە لەوانەیە لە وتاربێژێکی ئیسلامی هیندیی خواپەرست چاوەڕێ بکرێت، زاکیر نایك بەهەمان شێوە هەمیشە قات و بۆینباخ دەپۆشێت و بەردەوام ڕێگە بەخۆی دەدات وەك دکتۆر زاکیر نایك موخاتەبە بکرێت بۆ جەختکردنەوە لە توانای پەروەردە سێکیولارەکەی و بۆ جەختکردنەوە لە ڕێزی گشتیی فراوان بەشێوەیەکی هاوشان لەگەڵ ڕیساکانی بۆرژوازی و بزنسدا. تێکەڵبوونی کاریگەریی ئیسلامی، ڕێزی گشتی و ئەستێرەیی میدیایی لە ساڵی 2013دا ئەو کاتە بەدیار کەوت کە ئەو «خەڵاتی ساڵی کەسایەتی ئیسلامی» لەلایەن حاکمی دوبەی و سەرۆك وەزیرانی ئیمارات پێبەخشرا سەرباری خەڵاتی نێودەوڵەتی مەلیك فەیسەڵ کە لە ساڵی 2015دا لەلایەن حکومەتی سعودیەوە پێی بەخشرا. لەوەش گرنگتر، نایك بڕوانامەی عالمی ئیسلامیی نەریتی نییە. ئەو شارەزایەکی خۆ پێگەیاندووە لە ئیسلامدا کە پەروەردەی ئەکادیمیی سێکیولاری بڕیوە و شارەزایەتییەکانی قسەکردن و نمایشکردنی، هی ڕێبەرێکی سیاسی یان سەرگەرمکەرێکن لە فەزای گشتیدا. لێرەوە نایك نموونەیەکی دیاری ڕێبەرێکی دینی خۆ دەستنیشانکردووە کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی میدیای مۆدێرن لەگەڵ دەسەڵاتە دینییە بونیادگرتووەکان کێبڕکێ دەکات.

بە کورتی، یەکخستنی فۆرماتی تەلەڤانجەلیستی لەناو ئیسلامی سەلەفیگەرادا لە هیندستان، دیوە جەوهەرییەکانی نێوانگیریی دینیی وەکو وتنەوەی دەقی پیرۆز و تەفسیری حەدیسی بە وەرنەچەرخاوی هێشتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیڕەوکردنی تەلەڤانجەلیزم لە بنەچە پرۆتێستانتەکانی ئەمریکای باکوورەوە، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە سەلەفیزمی هیندیدا وەك ئایینی گشتی خستۆتەوە. لەنێو ئەمانەدا، ناساندنی ژانری بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی پرسیار و وەڵام لەناو پروپاگەندەی دینی و دوورکەوتنەوەی ئەوەی دواییان لە کۆنتێکستە دینییە بونیاگرتووەکان و چوونی بۆ ناو زەمینە نانەریتییەکانی پەیوەند بە بزنس و سەرگەرمییەوە لەئارادایە. لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانکاریی هەرە گرنگ پەیوەندی هەیە بە سترەکتۆرەکانی دەسەڵاتی دینی. ئەمە توانابەخش بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەکتەرە نوێکان لەم بوارەدا کە لەسەر بنەمای لێهاتووییەکانی قسەکردن و نمایشیان و هەروەها پەروەردەی سێکیولاریان ئێستا لە پێگەیەکی دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا نیشتەجێن بەبێ بروانامەی ڕاهێنانی دینی نەریتی. سەرهەڵدانی دەسەڵاتە دینییە نوێکانی وەکو زاکیر نایك بەهۆی سترەکتۆرە دامەزراوەییە تا ڕادەیەك شلوشۆقەکانی سەلەفیزم و بەشێوەیەکی فراوانتر ئیسلامی سوننی لە هیندستان ئاسان بووە. وەرچەرخانەکانی تەلەڤانجەلیزمی سەلەفییانەی نایك وەك ئایینی گشتی تەنانەت سەریکێشاوە بۆ گۆڕانکاریی لە سترەکتۆرەکانی نێوانگیری دینی. لەنێو ئەمانەشدا هانابردنی «هاوشێوە» هەن بۆ سەرچاوەی تێکستی پیرۆزی نائیسلامی بۆ هاندانی کارلێك لەگەڵ ئاسماندا، هەروەها ئاماژەدانی زووزووش هەن بە زانستی مۆدێرن بۆ سەلماندنی باڵایی ئیسلام وەك ڕێگەیەکی حوکمڕانی پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤەکان.

## تەلەڤانجەلیزم لەنێو موسڵمانانی شیعە لە مومبای تۆڕی ئیسلامیی جیهانی

دامەزراوەکانی شیعە دوانزە ئیمام لە مومبای بەشێکن لە تۆڕە نەتەوەبڕە فراوانەکانی دەسەڵاتی دینی لە جیهانی شیعیدا کە لەسەر لایەنگیرییەکان، پەیوەندییە دامەزراوەییەکان و داراییەکان و پەیوەندییەکانی ئیعتیبار پێدان لەلایەن عالمە باڵاکان کە وەك مەرجەع ئەلتەقلید ئیعتیرافیان پێکراوە و ئەو دامەزراوانەی بەڕێوەی دەبەن، سەنتەر دەگرێت. لە مومبای، هەروەك لە هیندستان بەشێوەیەکی گشتی، ئایەتوڵڵا سیستانی لە نەجەف کاریگەرترین مەرجەعە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامییە لە ئێران، ئایەتوڵڵا خەمنەئیش بەهەمان شێوە کێبڕکێ دەکات بۆ بەدەستهێنانی شوێنکەوتە و کاریگەری لەنێو شیعە دوانزە ئیمامەکان لە مومبای لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە دینییەکانی پەیوەست بە ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە مومبای، گرنگیی پراوەکانی میدیای هاوچەرخ بۆ مۆبیلیزەکردنی دینیی لە ژینگەیەکی شاریدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دیارە. لەسەروو هەموو شتێکەوە چەندەها «میدیای بچوك» هەن وەك لەپێشوودا کاسێت و ئێستاش دیڤیدی و سی دی دەنگی و

ڤیدیۆیی کە لە ڕێگەیانەوە موسڵمانان لە شاردا نمایش، وتار و ناوەڕۆکی تری دینی بڵاو دەکەنەوە. لەنێو شیعەی دوانزە ئیمامدا لە مومبای، ئەمانە ڕیکۆردینی ژانرەکانی لاواندنەوەی شیعریانەی (مەرسیە) و (نەوحا) هەن، کە یادی ڕووداوە تراژیدیەکانی شەڕی کەربەلا بە چەندەها شێوەی پڕ لە هەست و خرۆش دەکەنەوە و خەفەتی قووڵ بۆ مەرگی حوسێن، نەوەی پێغەمبەر و ئەندامانی تری خێزانەکەی دەردەبڕن کە لەم شەڕەدا لە 680ی زایینیدا مردن. ڕیکۆردینە دەنگی-وێنەییەکانی وتار و خوتبەکانی عالیمی شیعەی ناسراو بەهەمان شێوە برەویان هەیە. بۆ نموونە زۆرێك لە شیعەکان لە مومبای گوێ لە ڕیکۆردینە دیجیتالیزەکانی ئەم ژانرە شیعرییانە دەگرن کە لەلایەن گردبوونەوە دینییەکانی ناسراو بە (مەجلیس) لەسەر سی دی دەگرن یان چەند بەشێکی ئەو نمایشانە لە تۆڕەکانی تەلەڤزیۆنی کێبڵی لۆکاڵ، لەسەر سی دی ڤیدیۆ دەبینن و گوێ لێ دەگرن یان هەندێکیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو ڕیکۆردینانە داونلۆد دەکەن.

بەڵام پراوەکانی میدیای شیعەی هاوچەرخ بەهەمان شێوە بریتین لە تەماشکردنی ئەو پرۆگرامە تەلەڤزیۆنیانەی کە ڕێنمایی ڕاستەوخۆ لە خۆپەروەردەکردنی پراکتیکیدا دابین دەکەن. لە ناوچەی باشووری سەنتەری شیعەی (تۆڕی ئیسلامیی جیهانی دۆنگری)دا، سەنتەرێکی میدیای شیعی لە 1991دا بونیاد نرا کە بە دابەشکردنی برۆشور و کتێبە ئیسلامییەکان و هەروەها بە کلاسەکانی فێرکردنی ئێواران بۆ خوێندکارانی ئامادەیی دەستیپێکرد. ئەمە پەیتا پەیتا پڕوپاگەندە ئیسلامییەکەی بۆ ناو میدیای ئەلکترۆنی فراوان کرد و نەك تەنیا میدیای دینی «بچوك»ی وەك ڤیدیۆ و سی دییە دەنگییەکان، ڕیکۆردینەکانی مەجالیس و محازەرات، بەرهەم دێنێت بەڵکو شانبەشانی وێبسایتێك کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی کێبڵ هەیە بە دەزگایەکی بەرهەمهێنانی خۆیەوە و تەنانەت بەم دواییە پەخشی سەتەلایتی دەستپێکردووە. بەتایبەت خەڵکی گەنج زۆر بایەخ بە ستایلی پرۆگرامی پرسیار-وەڵام دەدەن لەگەڵ عولەما و ئەو پرۆگرامانەی تر کە لەروانگەی ئیسلامییەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە پراکتیکییەکانی ژیان نزیك دەکەنەوە. لە سۆنگەی ئیستاتیکا و فۆرمەکانی بەشداریکردنەوە، ئەم پرۆگرامانە زۆر جیاوازن لە ڕیکۆردینەکانی ڕووداوە دینییەکان کە لەسەر لاواندنەوەی ڕووداوەکانی کەربەلا بونیادنراون کە بەهەمان شێوە بە ڕادەیەکی فراوان پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامی جیهانی دەگرنەخۆ. ئەمەی دواییان بە ڕادەیەکی زۆر ئەو بۆنە هەستییانەن کە بۆ مەبەستی وروژاندنی هەستە بەهێزەکانی خەم و هۆگرییین لەو کەسانەدا کە تەماشای دەکەن، نیشانەیەکی پەرستشی شیعەیە. لەبەرانبەردا، پرۆگرامە «ئەقڵانیتر»ەکان، وەك هەندێ لە بەشدارانی شیعەی ئاماژەیان پێکردووە، زۆر هۆشیارانەتر و پرۆڤێشناڵانەترن لە دەرکەوتنیاندا و بەشێوەیەکی سەرەکی دەرگیربوونی مشتومڕئامێز

دەگرنەخۆ و لەنێو تەماشاكەرانی گەنجدا برەودارترن.
هەروەك یەكێك لە بەرهەمهێنەران لە تۆڕی جیهانی ئیسلامی، دەڵێن «گەنجان زیاتر لۆژیك و كەمتر هەستیان دەوێت. ئەوان دیبەیتی ئەقڵانییان دەوێت، ئەوان دەیانەوێ بزانن بۆچی تۆ ئەمە دەڵێیت، سەرچاوەكەت چییە». بە مانایەك لە ماناكان، ئەو پرۆگرامانە بەردەوامی تامەزرۆیی لەمیژینەی سەنتەرەكەن بۆ پرەودان بە پەروەردەی مۆدێرن لەنێو شیعەكانی مومبای دا. یەكێك لەم پرۆگرامانە بریتییە لە (حەدیسی زیندەگی)ی بەرهەمهێنراو لەلایەن تۆڕی جیهانی ئیسلامیەوە كە بریتییە لەوەی ژنێكی گەنجی باڵاپۆش لە ستودیۆیەكی مۆدێرندا دیدار لەگەڵ عالیمێكی گەنج ئەنجام دەدات، ئەو پرسیارانە دەكات كە بینەران پێشتر بە ئیمەیل ناردوویانە یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی دەكەن. پرسیارەكان هەمووی پەیوەندییان هەبوو بە كێشە كردارییەكانی ژیان، داوای ئامۆژگاریی ئەوەیان دەكرد چۆن بە شێوازێكی ئیسلامیی گونجاو دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم بكەن. پرۆگرامێكی تر كە فۆرماتێكی نوێ پەیڕەو دەكات بریتییە لە (حەقیقەت تودەی)، بەرهەمی پرۆگرامی هەواڵیی تۆڕی ئیسلامیی جیهانییە كە تەركیزی خستۆتە سەر پرسەكانی سەرنجی گشتیی هەنوكەیی. لە توێژینەوەكەمدا، بۆم دەركەوت كە ئەم پرۆگرامانە لەنێو نەوەی گەنجدا زۆر برەودارترن، چونكە ئەمانە وەڵامگۆی ئامانجە پەروەردەییە باڵاكانن. لێرەدا، نەریتە شیعییەكان لەگەڵ خەونەكانی چینی ناوەند و شاریدا دەبنە یەك، وەك بەرەوپێشچوونی پەروەردەیی كە كۆچبەران بەرەو شارە گەورەكان دەبات. لە سەروەختی شۆڕشی ئێرانییەوە، ئەم نوواندنەوەیەی شیعیزم كە لەو پرۆگرامانەدا ئاشكرایە، نموونەیەكی مەیلی چالاكیگەرایانەترە لە جیهانی شیعیدا كە تیایدا نەریتی شیعی وەك مانایەكی نوێی بكەرێتی و خەون بۆ گۆڕینی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی و سیاسی و بۆیە بۆ خەباتكردن بۆ گۆڕینی چارەنووس بەشێوەیەكی هاوشان لەگەڵ حەكایەتە مۆدێرنیستییەكانی هیوا، گەشە و پێشكەوتن، تەرجەمە دەكرێتەوە. (حەدیسی زیندەگی) و پرۆگرامە هاوشێوەكان خەونەكان بۆ پەروەردەی باشتر، مانای مەزنتری كۆنترۆڵ بەسەر ژیان و خۆچاككردنی «ئەقڵانی» لە سۆنگەی نەریتی دینییەوە لە قاڵب دەدەن.

بە جیاوازییەكی توند لەگەڵ تەلەڤانجەلیزمی زاكیر نایك، پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی هەمیشە عالمە ئیسلامییە شیعە نەریتییەكان دەگرێتەخۆ. تۆڕی میدیا لەژێر سەرپەرشتیاریی ڕاستەوخۆی عالمێكدایە كە بەهەمان شێوە (وەكیل)ی ئایەتوڵڵا سیستانیی نەجەفە لە مومبای. شارەزای خۆفێركردوو و خۆ دەستنیشانكردووی ئیسلام بە پەروەردەیەكی سێكیولارەوە لە جیهانی ئیسلامی شیعیدا لە وێنەی زاكیر نایك بوونیان نییە. بە جیاوازییەكی بەرچاو لەگەڵ وێنەی بێ شێوەی ئیسلامی سوننە، شیعیزمی دوانزە ئیمام (مەرجەعییەت)ێكی بونیادگرتووی توندوتۆڵی هیراركی لە تایبەتمەندییەكانیەتی كە سەرەنجام لەسەر ژمارەیەكی زۆر بچوكتری پیاوانی

دینی وەك سیستانی وەستاوە كە بەرزترین پایەی مومكینی فێربوون و لێكۆڵینەوەیان بەدەستهێناوە. ئەم برگە سەرەكییەی نێوانگیریی دینی كە لە تایبەتمەندیی ئیسلامی شیعەیە پێناچێت لە كۆنتێكستی پراوە میدیاییە نوێكاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

سەرەنجام، نیشانە وێنەییەكانی دەسەڵاتی دینیی نەریتی بەشێوەیەكی بەرجەستە پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی دەگرنەخۆ. شارەزایان هەموو ئەو پیاوە دینییانەن كە بە پەروەردەیەكی ئیسلامیی نەریتیدا ڕەت دبوون، عەبایەكی درێژیان لەبەرە كە لە تایبەتمەندیی عالیمێكی شیعەیە. لەوانەیە ئەمانە زیاتر لەو دیمەنەدا ببیزرێن كە مەعریفەی ئیسلامییان پیشان دەدەن، وەك ڕەفەی پڕ لە كتێب. هەروەها، ئەو پرۆگرامە نوێیانەی هەواڵ و پرسیار-وەڵام كە لەسەر بیرۆكەكانی بایەخی گشتیی و كۆمەڵایەتیی فراوانتر سەنتەریان گرتووە كارلێكی نزیكیان هەیە لەگەڵ فۆرمە بونیاگرتووە كۆنەكانی ئەو ئەدا و پرۆگرامە پەیوەندیدارانەی كە تۆڕی ئیسلامی جیهانی بەرهەمیان دێنێت، وەك دانیشتنەكانی لاواندنەوەی بەكۆمەڵ (عەزاداری) بۆ ئەندامانی خانەوادەی پێغەمبەر كە لە كەربەلا كوژران، بەتایبەت تورەیی و ئازار بۆ كوشتنیان. بەشی هەرە زۆری پرۆگرامینی تەلەڤزیۆنی، درێژكراوەیەكی ڕوونی فۆرمە نەریتییەكانی (عەزاداری)یە و لەم حاڵەتەدا، پێدەچێت فۆرمی نوێی میدیا لەناو پراوە دینییە بونیادنراوەكاندا ماڵی كرابن بەبێ ئەوەی لە بنەڕەتەوە گۆڕدرابن. توخمە بونیانراوە گرنگەكانی تری نێوانگیری دینی بەهەمان شێوە لە پرسیار-وەڵام نوێكە و ئەو پرۆگرامانەدا ئاشكران كە لەلایەن تۆڕی ئیسلامی جیهانییەوە بەرهەم هێنراون. هەروەك لە نمایشە تەلەڤزیۆنییەكانی زاكیر نایكدا، ئەمانە بریتین لە هێنانەوەی ئایەتی قورئانی، مشتومڕ و تەفسیری حەدیس لەكاتێكدا كە بەسەر پرسێك لە جیهانی ئەمڕۆدا پیادە دەكرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆگرامە ستایڵ نوێكان بەشێوەیەكی بەرچاو پشت بە بیرۆكە و فۆرمەكانی ئەو دەربڕینە دەبەستن كە تایبەتمەندیی فەزا گشتییە فراوانەكانن. لەمانەدا پرسەكانی كەلتووری گەنجان هەن. ئیستاتیكای (حەقیقەت تودەی) بیرهێنەرەوەی ستایلی خستنەڕووی كەناڵە هەواڵییە بیست و چوار سەعاتییە نێودەوڵەتییەكان و نەتەوەییەكانن، بە جیاوازییەكەوە، ئەویش ئەمەیە كە زۆرێك لە گفتوگۆ و رووماڵەكانی بۆنە ڕاستەوخۆكان عالمە باڵاكانی شیعە دەگرنە خۆ كە باسی بابەتە فراوانەكانی بواری سیاسی و كۆمەڵایەتی جیهان دەكەن. پرۆگرامەكە بەهەمان شێوە چەند برگەیەكی ئاسایی لەسەر «ڕێنمایی پیشەیی» و «ئەقڵە تازەگەرەكان» دەگرنەخۆ. ناوبەناو، ژینگەكانی ستودیۆی مۆدێرن وەك نموونەی وێنەیی لە پرۆگرامەكەدا پیشان دەدرێن و جیاوازییەكی بەرچاویان هەیە لە فۆرماتە بونیادگرتووەكانی دیبەتی دینی شیعی، كە تیایدا ژنانی خوێنەواری گەنج حیجاب دەپۆشن و هەندێ جار ڕۆڵی پێشكەشكار دەبینن. پرسی

تیرۆریزم بابەتێکی دیاریکراوە لە دیبەیتی گشتی هەنوکەییدا کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامیی جیهانیدا هەیە. پرۆگرامەکانی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی ئیدانەی گرێدانەوەی تیرۆریزم و ئیسلام دەکەن، لەکاتێکدا کە نەیارە وەهابی و سەلەفییەکانیان تۆمەتبار دەکەن بەوەی لە هاندنی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە گلاون، لەوانەش کوشتنی ناوبەناوی شیعە لەلایەن توندڕەوانی سوننە لە پاکستانی دراوسێدا.

هەروەها لە چالاکیگەرایی تۆڕی ئیسلامی جیهانیدا کارلێکێکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان توخمەکانی نێوانگیریی دینی بە مانا بەرتەسکەکەی و لە ڕەهەندەکانی فەزای گشتیی ئاییندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی تەلەڤانجەلیزمی سەلەفیگەرای زاکیر نایك، پێدەچێ لایەنگیرانی بونیادگرتووی نێوانگیریی دینی لە کاری تۆڕی ئیسلامیی جیهانیدا بەرەنگارییەکی گەورەتر بۆ پەیڕەوکردنی فۆرماتە تەلەڤانجەلیستییە جیهانییەکان پیشان بدەن، لەکاتێکدا، لەلایەکی ترەوە، گۆڕانکاری لە ئەدای دەسەڵاتی دینی و ستایڵە پەیوەندیدارەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی شیعە بەهەمان شێوە ڕوون و ئاشکرایە. شتێکی تر کە ڕوونە ئەوەیە، دیوە جەوهەرییەکانی نێوانگیریی دینی، وەك وتنەوەی دەقی پیرۆز، تەفسیری حەدیس و نمایشی (عەزاداری)، لەگەڵ هاتنەکایەی پرۆگرامینی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی، هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. لە ڕاستیدا، وا دەردەکەوێت کە تەلەڤزیۆن وەك ئامرازێکی نوێ لەناو پراوەی (عەزاداری)دا ماڵی کراوە کە شتێکی زۆر گرنگە بۆ شیعیزمی دوانزە ئیمام. لەگەڵ ئەوەشدا، هەگبەی ئیسلامی دوانزە ئیمام وەك ئایینێکی گشتی بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ناساندنی ژانرە تەلەڤزیۆنییە نوێکان وەرچەرخاوە، وەکو بەرنامەی پرسیار و وەڵام و پرۆگرامی هەواڵی بە گۆشەنیگایەکی ئیسلامییەوە. فەزای ستودیۆی بەتایبەت ئەو ژانرەی دواییەیان دابڕانێکی گرنگ لە ئیستاتیکای کۆنتێکستە دینییە بونیادگرتووەکان پیشان دەدات و دەرکەوتنی پێشکەشکارانی مێینە لەم بەرنامانەدا بەهەمان شێوە دابڕانێکە لە فەزا نەریتییە نێرینە سالارەکانی شیعیزمی هیندی. بەڵام بە پێچەوانەی تەلەڤانجەلیزمی سەلەفیگەرای نایك ئەو گۆڕانکارییانە کاریان لە دەسەڵاتی دینی نەکردووە. پرۆگرامەکانی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی لەژێر سەرپەرشتی دەزگای دینیی شیعیدا دەمێنێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕوون بەکاریان دێنێت بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی بۆ ناو چەند بەشێکی فەزای گشتی کە تیایدا دەسەڵاتەکەی تاوەکو ئەم دواییە ئامادەیی نەبوو. پیاوە دینییە ڕاهێنراوە نەریتییەکان بە ڕەمزە پۆشاکییەکانیانەوە، لەم پرۆگرامانەدا وەك قسەکەری دەسەڵاتی دینی سەرەنجام، دەردەکەون. بۆیە پرۆگرامینی تەلەڤانجەلیستی سەری نەکێشاوە بۆ سەرهەڵدانی لێکدەوەرانی ئیسلام لە دەرەوەی هەرەمە دینییە بونیاد گرتووەکان و سترەکتۆرە دامەزراوەییە تۆکمەکانی شیعیزمی نەتەوەبڕ سەرکەوتوو بوون لە گونجان لەگەڵ میدیای گۆڕاودا بۆ ئامانجەکانی خۆیان لەبری ئەوەی بەهۆیەوە

ناجێگیر بن. لە حاڵەتی تۆڕی ئیسلامیی جیهانیدا، نێوانگیریی دینی لە ڕێگەی فراوانکردنی فۆرمە بونیادگرتووەکانی نێوانگیری دینی و سترەکتۆرە پەیوەندیدارەکانی دەسەڵات بۆ ناو فەزای گشتی، کاریگەری لەسەر ئیسلامی گشتی داناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانکارییە سەرچاوەگرتووەکانی میدیا لە شیعیزمی دوانزە ئیمامدا وەك دینێکی گشتی سەری نەکێشاوە بۆ گۆڕانکاریی گرنگ لە ڕێساکانی نێوانگیری دینی و ئەو فۆرمانەی دەسەڵات کە لەگەڵیدا دێن.

## ئەنجامگیری

هەرچەندە هەردووکیان لە هیندستان کەوتوونەتە ناو کۆنتێکستە ئیسلامییەکان، ئەو دوو نموونەی باسم کردوون جیاوازیی بەرچاو لە گۆڕانکارییە دینی و کۆمەڵایەتییەکاندا پیشان دەدەن کە دەشێ گرێ بدرێتەوە بۆ پەیدابوونی پراوە میدیاییە نوێکان. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دیوە جەوهەرییەکانی نێوانگیریی دینی وەك خۆی ماوەتەوە. لەو جێیەی پەیوەندی بە ڕەهەندەکانی فەزای گشتییەوە هەیە، تەلەڤانجەلیزمی سەلەفیگەرا بەشێوەیەکی ڕوون گۆڕانکاریی دینی ئاراستەکراو بە میدیا پیشان دەدات. هەندێ لەو گۆڕانکارییانە تەنانەت دزەیان گردۆتە ناو سترەکتۆرەکانی نێوانگیریی دینی، بەتایبەت مۆدەکانی دەسەڵات. پرۆگرامینی دوانزە شیعەی تۆڕی ئیسلامیی جیهانی لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگە بۆ داینامیکێکی پێچەوانە دابین دەکات- لەوێدا سترەکتۆرەکانی نێوانگیریی دینیی بونیاگرتوو بۆ ناو فەزای گشتی فراوان کراون، لەکاتێکدا کە بە پێچەوانەوە گۆڕانکارییە میدیاییەکانی شیعیزم کە لەلایەن تۆڕی ئیسلامیی جیهانییەوە وەك دینێکی گشتی پروپاگەندەیان بۆ دەکرێت نەیانتوانیووە گۆڕانی گرنگ لە فەزای نێوانگیریی دینیدا بهێننە کایەوە. لەهیچ کام لەو حاڵەتانەدا ئێمە ناتوانین قسە لەسەر هەڵمژرانی دین بکەین لەژێر «لۆژیکی میدیا» کە لە سۆنگەی دامەزراوەییەوە بە ئاقاری هێڵەکانی تێزی (ستیگ هجارڤارد) لەمەڕ میدیاتیزەکردنی دین درکی پێکراوە. ئەمە لە حاڵەتی تۆڕی ئیسلامیی جیهانیدا ڕوونە، بەڵام ئەمە بەهەمان شێوە بەسەر تەلەڤانجەلیزمی سەلەفییانەی زاکیر نایکدا پیادە نابێت. بە پێچەوانەوە، کەناڵە تەلەڤانجەلیستەکەی، پرۆژەیەکی میدیاییە کە خزمەت بە بزاڤێکی دینی دەکات نەك ئەوەی ڕەمزی دامەزراوەیەکی میدیایی دینی بێت کە لە دەرەوەڕا کاریگەری بخاتە سەر دین. بەڵام لە فەزای گشتیی فراوانتری هیندیدا کاریگەریی گرنگ لەسەر هەردوو تۆڕی میدیای ئیسلامی هەن. لەنێو ئەمانەدا خەون و بەرژەوەندییەکانی چینی ناوەند هەن کە لە سەروەختی لیبرالیزەکردنی ئابووریی هیندییەوە، لەوانەش لیبرالیزەکردنی پەخش لە 1991دا، فەزای گشتییان گرتووە. هەردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی زاکیر نایك و تۆڕی ئیسلامیی جیهانی بایەخ بەو خەونانەی چینی ناوەند دەدەن و لەگەڵ پرۆسەی وەرچەرخاندنی خواپەرستانەی خود دا لێکی دەدەن.

یەکێـك لـە ئامانجەکانـم لـەم بابەتـەدا ئـەوە بـووە مشـتومڕی میدیاتیزەکردنـی ئاییـن لـە کۆنتێکسـتەکانی ئەودیـو مەسـیحییەت لـە جیهانـی ئەتلانتیکـی باکـوور والا بکـەم. بـەڵام مـن وای بـۆ دەچـم کـە تەلەڤانجەلیزمـی ئیسـلامی لـە هیندسـتان بەهەمـان شـێوە گوزارشـتی گرنگـی تـری بـۆ دیبەیـت هـەن لەبـارەی میدیاتیزەکردنـی دینـەوە. لەکاتێکـدا کـە بابەتەکـە ڕۆشـنایی دەخاتـە سـەر لێـك جیانەبوونـەوەی میدیـا و دیـن، بەهەمـان شـێوە پێویسـتیی بـۆ جیاکاریی نێـوان یەکتربـڕە جیاوازەکانـی میدیـا و ئاییـن پیشـان دەدات و زەرووەرەتـی بایەخـدان بـە کارلێکەکانیـان دەخاتـەڕوو. نێوانگیریـی دینـی و دینـی گشـتی لەسـەر ئاسـتی جیاجیـا کار دەکـەن و وەك خۆگریـی ڕێژەیـی فۆرمـە بونیادگرتووەکانـی نێوانگیریـی دینـی، بەتایبـەت لـە حاڵەتـی تـۆڕی ئیسـلامیی جیهانیـدا پیشـانی داوە، گۆڕانکارییـە میدیاییـەکان لـە ڕەهەندێکـدا مـەرج نییـە گوزارشـتی گـۆڕان بێـت لەویـتردا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە ڕاسـتیدا دوو ڕەهەندەکـە زوو زوو بەیەکـەوە ڕایـەڵ دەبنـەوە، هـەروەك کاریگەریـی وەرچەرخانـە میدیاییـەکان لـە ئایینی گشـتیدا لەسـەر سـترەکتۆرەکانی نێوانگیریـی دینـی لـە نموونـەی تەلەڤانجەلیزمـی سـەلەفیدا پیشـانیداوە. چاوخشـاندنەوە بـە میدیاتیزەکردنـی بـە ئاقـاری ئـەم هێڵانـە دەریدەخـات کـە ئـەو کاریگەرییـەی پراوەکانـی میدیـادا لەسـەر دیـن هەیانـە دەشـێ نارێـك بێـت تەنانـەت لەهەمـان فـەزای دینـی و لەنـاو هەمـان نەریتـی دینـی فراوانـترا. سـەرباری ئەمـەش، لەکاتێکـدا کـە لـە یەکـەم بینینـدا وەك ڕووپۆشـێکی میدیایـی دیـن دیـارە، دیـاردەی تەلەڤانجەلیزمـی ئیسـلامی بەهەمـان شـێوە پیشـاندەری ئەوەیـە کـە چـۆن ئەکتـەران لـە کۆنتێکسـتە دینییەکاندا پـراوە نوێکانـی میدیـا و ژانرەکانـی میدیایـان ماڵـی کـردووە بۆئـەوەی نەریتـە دینییـە بونیادگرتـووەکان بەهێـز بکـەن.

**سەرچاوە:**

https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177016344371667903 2/